# جەژنی بوون

سالّح بیّچار – سلیّمانی
becharsalih@yahoo.com

هەر نەمزانی Aچیبیّت دیارییم بەم بۆنەوە بۆتی بیّنم
هاتووم وەک مۆم بۆ ئەم یادە پەنجەکانم داگیرسیّنم
***
نەمتوانی لە تریفەی مانگ، کراس بیّنم بیکەیتەبەر
لە ئەستیّرە تاجیّک بچنم، لەم ئاهەنگە بیکەیتەسەر
***
با, بە خۆشیی ئەمڕۆژەوە ئاسمانی شار گوڵباران بیّت
شەوی شاریش وەک دڵی تۆ پڕ ڕووناکیی‌و چراخان بیّت
***
چ ڕۆژیّکە لە جوانییدا گرەوی خۆی بردۆتەوە
جوانیی هەموو ڕۆژانی ساڵ لەم ڕۆژەدا کۆبۆتەوە
***
وا شنەی (با) ش بەسەر شارا عەترو گولاّو دەپرژیّنیّ
هەر گوڵەو چڵ جیّدەهیّلّیّ دیّت خۆی بە تۆ بناسیّنیّ
***
لیّت پیرۆزبیّ, ساڵی تازەت بەو جۆرە بیّ خۆت لیّی ڕازییت
ڕۆژەکانی بەخەندەوە بیّنە سەرڕیّت بۆ پیشوازییت